# هەوێنی داستانە مەم و زینیەکان

غەریب پشدەری

بە ئەسپایی بمدوێنە..!
چونکە هەموو درەختەکان...
یەک یەک گوێیان هەڵخستووە
شەقام لەوان وریاترە...
بەوەی نیە، سینگی پانی...
بۆ پێشوازیت، ڕاخستووە
• • •
شەقام جێی متمانە نیە...
بۆ دڵداران
دەنا هەرگیز...
واچۆڵ و تەنیا نەدەبوو
لە عاشق و شەو بێداران
• • •
ئەوانە ڕازی دڵداران، دەدرکێنن
دەگەڵ هەر شنەبایەکدا
سەرگوزەشتەی...
گەلای ئەوینی دڵدارێک، دەوەرێنن
• • •

بە ئەسمانی بمدوێنە...!
چونکە چپەی دەنگی نەرمت
هێندە گەرمە
دەروونم ختووکە دەدا و...
دڵێی زەردەی سەر دوو لێوی
فریشتەی خوای...
ناز و شەرمە
• • •
بمدوێنە... بمدوێنە...!
تا دەتوانی بمدوێنە
• • •
کە ماندوو بووی...
لە گێرانەوەی ئەفسانەی...
ئەوینی من... سەرهەڵێنە
تا تێبگەی...
هەر روشەیەکی ئەو دەمەت
بۆ سەدان داستانی تری...
وەکو «مەم و زین» هەوێنە
• • •

شنەبای وەشتی ئارانێک
گریانی من و خەندەیی تۆ، ئێستە دەشوبهێن
بەو مەوسمی بارانە کەوا غونچە دە بشکووت
«نالی»
دە پێبکەنە...
ڕەگی جەرگم لە ناخەوە..
بە قاقایەکت هەلکەنە
• • •
بەڵام تو خوا.. پێکەنینت...
بەو ئێش و ژانەی من نەیە
گاڵتەت بەو فرمێسکە تەڕو
گەرمو سوێرانەی من نەیە
• • •
تۆ خۆت دەزانی من بەرگەی...
ئەو جەفەنگانە ناگرم
دەگەڵ وشەیەکی ساردی...
تۆدا.. کێ دەڵێ نامرم!؟
• • •
دە پێبکەنە... با پێکەنینەکەت تەمی...
غەمی ئەو لێوانەت، ون کا

وەک هەڵوانێ...
تیماری ئەو زامە سەخت و
برینە قولانەی من کا.
• • •
دە پێبکەنە...
دەنگی قاقای پێکەنینت
ناڵەی دەروونی ئاسمانە
شنەی بای وەشت و هەناسەی
ئارانێکی بێ بارانە
• • •
کە لێوەکانت بە خەندە
وەک غونچە دەمیان کردەوە
لێزمەی چاوەکانی منیش
دووبارە سەریان کردەوە
• • •
ئەوە دیارە...
بەهاری عیشقێکی تازە
بەرەو لای ئێمە لە ڕێیە
پەیامێکی خواوەندانەی...
بە دیاری بۆ ئێمە، پێیە
• • •